## ئەنسیکلۆپێدیای ئیسلام

چاپی کۆنی ئەنسیکلۆپێدیای ئیسلام (١٩٣١) هی سەردەمێکە وا مینۆرسکی هاوکاریی قامووسەکەی کردوە و بابەتی بۆ نووسیون.

لە و چاپە و لەژێر ناوی Bokan یا Bukan دا هیج بابەتێک نەنووسراوە بەڵام زیاد لە چوار لاپەڕە تەرخانی SÄWDJ-BULAK واتە شاری سابڵاغ کراوە. لەم بەشەدا- کە نووسەرەکەی ولایمیر مینۆرسکییە، باسی ئەو ناوچانەش کراوە کە بە دەوروبەری سابڵاغەوەن و یەک لەوان بۆکانە.

مینۆرسکی لە مەسەلەی دیهستان و ناوچەکانی دەوروبەری مەهاباد دا باسی شارویران، ئەختاچی، بیهی و تورجان دەکات و دەڵێ ناوەندی دیهستانی بیهی (Bähi) بۆکانە بە قەڵای جوانی نشیمەنگەی سەردارەکانی موکرییەوە. هەروەها دەڵێ دیهستانی بیهی ٦٥ گوندی گرتۆتە خۆی، تورجان ٣٨ گوند و ئەختاچی ٩٠ گوندی هەیە [کە دەزانین بەشێک لەو دیهستانە ئێستا سەر بە مەهاباد و بەشێکی دیکەی عاید بە بۆکانە]. ژمارەی گوندەکانی" گەورکی موکری"ش، کە دەڵێ نزیک بە سەرچاوەکانی تەتەهوو وباشووری رۆژهەڵاتی چیای کورتەکە، ٢٤ گوندە.

مینۆرسکی لەم شوێنە دا کورتەیەک لە وتاری خۆی بە ناوی "ناوی موغولی شوێن لە کوردستانی موکری" و وتارێکی دیکە بە ناوی "لشکرکێشانی بیزانس و رۆمییەکان بۆ سەر ئازەربایجانی باشوور"ی هێناوە(کە من پێشتر باسی هەردووکیانم کردوە)، ئینجا کورتەیەکی مێژووی سیاسی ناوچەکە و هەندێ لایەنی کۆمەڵایەتی خەڵکی وەک جل و بەرگ و هەڵپەرکێ و ... ناساندوە. چاپی تازەی کتێبەکە کە (New Edition) ئەو بابەتەی تێدا نییە.

Encyclopaedia of Islam, ١٩٣١, SAWDJ-BULAK